# کوردستان لە بیرمەکەن

**لەتیف عومەر**

هێندەیبارستای
شاخەکانمان
قوربانیمان لەسەر گاشەبەردەکان بەجێهێشت
هێندەی شەپۆلەتوڕەکان
لەکەناری وانو دوکان
زرێباروئاوی سیروان
جەستەی شۆڕشگێڕمان کردەخواردن بۆقرشەکان
لەپێناوی شەپۆلێکی ئازادییا
هێندەی گەلای داربەڕووەکان
بێشەی چناریشارباژێر
گولەگەنمی شاەزوور
گولەهەنارەکانی باخیمیر
چاوی منالان هەلوەرین
کەچیئێسا ئەتانەو ێ
شمشێرەکەی مەنسوری بەغدادی
جارێکیتر هەلکێشنو
بیپەڕێنن سەری هەولێرو سلێمانی
بەدرێژایی بۆریەکانی شاریگڕو قۆریەشکاو
خانەقینی هەزاران سالجەرگ سووتاو
ئێمەخوێنمان ڕشتەزەوی
چەموڕووبار
بەدرێژاییهێلی ئاسن لەسەرسنگی
پیری حەمرێن تانەینەوا
ئێمەژنمان بێ پیاوکرا
بوکەکانمان چاویزاوای لێداڕا

کەچیتازە ئەتانەوێ
بمانکەنە قوربانی ژێردارەکانی ئەبونەواس و سەرعەشتار
...
هێندەی گوللەی
نەبژێردراوی چەکەکانمان
لەسەرسنگی قارەمانی وولاتەکەم
شەونوخونی سەنگەرمان کرد
چالی مەرگمان
بۆپێشمەرگە نیشان ئەکرد
هێندەی بۆمبای فڕۆکەکان
گوندەکانمان
تالیقژی وێرانەیان
هەلئەپرسکان
کەچیتازە ئەتانەوێ
ئێسکەکانمان
بکەنەمۆم بۆدیوەخانی
والییەکان
...
هێندەی سێویلە لاسوورەی
دهۆکی جوان
مەمکی کیژەکانمان پەڕین
هێندەی تۆزی خۆلیگەرمیان
خڕکەبەردیللەی
ڕێیبارزان ئەنفال کراین
کەچی ئێوە تازە،تازە بەتازەی
ئەمان کەنە دارتەلەکان
بۆشەقامی ،کارەبایکەرخ و ڕەسافە
بەلکو بلێن کوردەکانی

شیمال الحبیب، چەندبەئینسافە

بەقەدبالای
بەرزی هەلگورد
بالای شەهیدی ڕۆلەی کورد
بوونە تەیمان،بۆخەتکێشان
لەسەرخاکی سنووری جوان
بەقەد گوولینکە نەشمیللەی
چەفتەی سەرشان
خانزادخانم
لەیلای قاسم و حەپسەخان
ژنمان بوونە
گولی ژاکاو بەتەنافی سێدارەکانی بەربەیان
کەچی ئێوە ئەتانەو ێ
ئەمڕۆ پرچی کچەکانمان
بکەنە گولنکەی ،گلکۆی ئیمام عەلی و
مەرقەدەکەی.
• • •
زیاتر لەمەلۆی خەرمانی
گڕتێبەربووی جووتیارەکان
دلی دایکمان دائەخورپا
هێندەی نالەی کەڕەناکان
بۆپێشوەختی تۆقێنەری هێرشەکان
نیوەشەوی دەنگی قریشکەی کچۆلە
گرییەی زاڕوولەمان ئەچاند
کەچی ئێستا ئەتانەو ێ
سەرباری گشت کۆست کەوتووی گەل
بمانکەنە پاسەوانی

شێری سەحرای مردووی بابل.
...
هێندەی ژانی سەرپروسکی
ئێسکی کۆچو ڕەوی میللەت
سکمان لەچالی پڕلێزمەی
زووخاوخزان
ژنەکانمان
لەژێرقەپۆزی پۆستالی
ژەندرمەکانی ئەتاگورگ
لەوبەرەوە لەبەرشەستەی تفی پاسداری پانەڕەش
ساواکانیان لێ ئەکەوتو
گەردەلوولی ڕەقبوونەوە
ووشکی کردن بەبێ بەرگ
کەچی ئێستا ئەتانەو ێ
شانی ڕەو و دەنگی زوولالی ڕاپەڕین بکەنەبەر
ڕەنگی ئالای سێ ئەستێرە
بەنەرمەبای شنەی قاقای خەلیفەکان بشنێتەوە
لەسەرکۆشکی عەباسییەکان
...
بەبارتاقای فەرموودەکان
هێندەی ووشەی ئایەتەکان
سەریان بڕین!
بووینە تەپۆلکە بوینە بەرزای تابوینەشاخ
ئیتر قوبەی سەری شەهید
هێندەلەوەش ڕەونەقدارو پڕوورشەبو
تابووینە نوری ئاسمانی
زیاتر لەلاپەڕەی قورئان
نەلەگوندا.....نەڕاگوێزان....نەشاروشارۆچکەکان

تاکە مزگەوتێک نەما
لەسەرتەختەشۆری مردووی،بەئاوی کەوسەری وولات
بەسروودی بەرزی خەبات
پالەوانی ئێمەی لەسەرنەشۆرابێت
بەلام ئەمڕۆ ئەتانەوێت
بەرمالو فەرشی مزگەوتە ووێرانەکانی ڕاگوێزران
کەڕۆحی چنراوی بەهای پیرۆزی پێشمەرگەمانە
پەیکەری سامناکی بەسام ،مۆزەخانەخ تێکۆشانە
بکەنە دیاری پیاوەتی ،لەمزگەوتە تازەکانی
فلوجەو کوفەو ڕومادی.
...
لەئەسرینی چاوەکانی گولەنێرگز
پرسیاربکەن
پرسیاربکەن لە نەورۆزی هەشتاوهەشتو لەئەلبومی هەلەبجەتان
مێرگێ نەما،لەمارتی بەهاری سالا نەخنکابێت
لەگەل چەپلەی دەستەکانی منالانی شەوی نەورۆز
لەسالپرسن هەزاران خونچەی باخی ژین بۆگەرمەشین
بەدوکەلی غازی حەردەل شین نەکرابێت
کەچی ئێوە ئەتانەوێت
بۆپاداشتی قوربانییەکان،نەورۆزەکان،بۆپاداشتی لەتوپەتی
ئەم وولاتەی وولاتمانە
جەژنی نەورۆز،لەمەیدانی ساحەالمیدان
لەبەغدای‌جوان،ئومەی‌عەرەبی ئاهەنگ بگرین٠
...

لەقورسایی پوشەخورمای
عەرەبستان
زیاتر بۆمبا لەتەرازوی ویژدانەوە

بەسەر لانکەو،کۆلانانی شارودێمان
بارینڕژان بەسەرگیانی ئاوارەیی
لەسەرخاکی دێرینمانا
بەبارتاقای ئەوچروتەی
دوکەڵڕێچکەی ئەچووە ئاسمان!
ئەی دەنگیبەرز لەئاسمانی پەرستنا
ئەوکاتانەی دەمیخواری چروتکێشان....دێویسەردەم
ئەیاننەڕان
بۆوێرانەی هەژارەکانی ڕاگوێزان
ئەیانبۆڕان شاخهەلگرن،دەشتدامالن
خێلچییەکان بەباروتکەن
ئێوە لەکام پەرستگابوون؟
لەکام پەلەی هەوریڕەش بوون؟
پێماندەلێن کەقەرەچین سنوور لەتایکورتانی گوێدرێژیان
ڕاکشاوە
پێماندەلێن خزمەتکاری دیوەخانی مەنۆچەربوین
لەسەرتەختی بەیاخەکان ئەیاننووسی
بۆئەم گەلەئێسکسووکو خوێنشیرینە
بۆ ئەمگەلە خاکدێرینە
پێمان دەلێن،ئێمە نەتەوەی بێمێژوین
ئێمە پاشماوەی ئیسلامین!
ئەی دۆستوپێغەمبەرانی ڕێگایڕاستی
ئێمەسەرمان قۆچیقوربانی **ئیسلام بوو** .
ئێمەپشتمان شکاوی تەوێلی پەرستگابوو
پرزەکاتیڕەشووڕووتی موسولمان بوو
لەپێناوی حەزرەتی حەزرەتانا
هەمووکاتێ لەنوگیانمان ڕەمەزانبوو
کەچی ئێستا ئەتانەو ێ

سەری‌بەرزی شەهیدانمان
بکەنە،،میگواری،،دەستی فالچی‌وشێخی
بەردەرگای دەشتی‌کەربەلا
بۆ،،شەوی،،مەولایەسەلی،،
چاوەکانمان بکەنەتەزبیحی دەستی‌مەلا..
...
لە سەیوانی‌سلێیمانی ، لەهەرداره ئەرخەوانێ چلێک‌بێنن
هەربەهارێک نەورۆزێکی یارەبێنن،لەهەورامان لووتکەی شاخێ
گولەگەنمێ لەشارەزوور ، کازیوەیەک لەسەرچاوی گلەزەردە
قەمچوپیێچی ڕێگای سەرڕێی ئەزمەڕ
گەورەبەردێکی بازیانم کەسپەری ولاتمە
شمشێری شێخ،خەنجەرەکەی پیری بارزان
ئالای ئامانەتی قازی
لەقەلاکەی سەرشێخەللا خشتێکی سوور
ئەلقەی گەردن زیندانیەکی نەینەوا
چەپکێ ئاگر شاری گڕی‌باباگوڕگوڕ
بلندترین بالای‌داری شورای شێخی ئامێدبێنن
بلورێکی چراخانی بەژن‌شووشەی سابلاخ بێنن
لەهەرمەزارێکی ڕۆح بەکۆمەل، ڕۆحێک‌بێنن

وەرن لەسەرسنوورپڕوێین
قاچەکانمان
بەهاواری دەنگ داکوتین
خۆمان بەتەرمی پیرۆزی شەهیدەوە هەلبواسین
دەوەرن دەی
باخوێتمان بکەینە ناو قوللەمستی یەکترەوە
بۆتونێتی نەمامی سەرسنوورمان
بادەستەکانمان بکەینە بازنێکی تێکهەلکێشراو

لەپای دامێن کریستالی یاقووت نەخشین
سنوور ڕێژکەین
وەرن بابیلبیللەی چاوەکانمان
بکەینەمرواریو مەرجان لەسەربەردی ئالتوونینا
ئاشق بەندی سنووری لێ درووست بکەین
دەوەرن دەی
چاوەکانمان بکەینە خۆر ،خۆری هیوا
خۆری ئاسۆ ، خۆریسنوور
بەبالای بەرزی دایکمان بپرژێنین
لەسەر تاخوار،نزیک تادوور
شەوانی زەنگ لەزەنەقا
بالای مەرزی کوردستانی پێ ڕۆشن کەین
وەرن بامۆمی لەدایک بووی سنوورەکان هەلبکەینو
مژدەی خەبات ڕێیبەردەوام لەسەرکۆلی، کۆلنەدانمان
بەرین بۆسنگی سنوورمان.
...
لەلای بێ کەس
چەند کۆپلەیەک
دادی دلی نیشتمانی خۆی پەروەری بێنن
لەلای خانی
ڕەفتەیەکی سەری زینی کاکەمەم بێنن
لای جگەرخوێن شۆخەبووکی وولاتی بەرزشیرین بێنن
لای حەزرەتی نالیوسالم مستێ خۆلی
شاری زۆری بابان بێنن
لایجەزیری قەلغانێکی بۆتان بێنن
ئەوا منیش
لای خۆمەوە بەندی دلم بەهاوسەرو بەجەرگەوە
دەبینە سروودی سنوورێک کەهەمومان بیلێیینەوە

ئەم سنووری پڕلەنووره
هێلی دییەی کاردۆوکاردۆخ،میدیاومادیانه
هێلی پڕپڕه هەزاران ژانه،ژانەسالی بەرتۆفانو
سەیلو گڕی ئاراتمه
هێلی قامکی پەلەپیتکەی بن کۆسار
کۆلی کۆچی نەسرەوتانمه
نەسرەوتانی ئەرزڕووم‌و ئەرزنجان‌و تێشووی دەرسیم
کاکلەی خەرپووت،بازووی قەلای ئامێدی شێخی پیرانمه
هێلی هەناو لەبەرقرمەی لەدایک بووی زەمین شادبووی
بەخوورپەهای کوڕەشێری سەرحەمرینه
هێلی بەبریسکەی ڕەنگ ئاوریشمی وان‌و دوکان‌و ئاراسه

وەرن لەسەرسنووربڕوێین
قاچەکانمان
بەهاواری دەنگ داکوتین
خۆمان بەتەرمی پیرۆزی شەهیدەوە هەلبواسین
دەوەرن دەی
باخوێتمان بکەینە ناو قوللەمستی یەکترەوە
بۆتونێتی نەمامی سەرسنوورمان
بادەستەکانمان بکەینە بازنێکی تێکهەلکێشراو
لەپای دامێن کریستالی یاقووت نەخشین
سنوور ڕیژکەین
وەرن بابیلبیللەی چاوەکانمان
بکەینەمرواری‌و مەرجان لەسەربەردی ئالتوونینا
ئاشق بەندی سنووری لێ درووست بکەین
دەوەرن دەی
چاوەکانمان بکەینە خۆر ،خۆری هیوا
خۆری ئاسۆ ، خۆری‌سنوور

بەبالای بەرزی دایکمان بپرژێتین
لەسەر تاخوار،نزیک تادوور
شەوانی زەنگ لەزەنەقا
بالای مەرزی کوردستانی پێ ڕۆشن کەین
وەرن بامۆمی لەدایک بووی سنوورەکان هەلبکەین و
مژدەی خەبات ڕێیبەردەوام لەسەرکۆلی، کۆلنەدانمان
بەرین بۆسنگی سنوورمان.
...
لەلای بێ کەس
چەند کۆپلەیەک
دادی دلی نیشتمانی خۆی پەروەری بێنن
لەلای خانی
ڕەفتەیەکی سەری زینی کاکەمەم بێنن
لای جگەرخوێن شۆخەبووکی وولاتی بەرزشیرین بێنن
لای حەزرەتی نالی وسالم مستێ خۆلی
شاری زۆری بابان بێنن
لای جەزیری قەلغانێکی بۆتان بێنن
ئەوا منیش
لای خۆمەوە بەندی دلم بەهاوسەرو بەجەرگەوە
دەبینە سروودی سنوورێک کەهەمومان بیلێیینەوە
ئەم سنووری پڕلەنوورە
هێلی دییەی کاردۆوکاردۆخ،میدیاومادیانە
هێلی پڕپڕە هەزاران ژانە،ژانەسالی بەرتۆفان و
سەیل و گڕی ئاراراتمە
هێلی قامکی پەلەپیتکەی بن کۆسار
کۆلی کۆچی نەسرەوتانمە
نەسرەوتانی ئەرزڕووم و ئەرزنجان و تێشووی دەرسیم
کاکلەی خەرپووت،بازووی قەلای ئامێدی شێخی پیرانمە

هێلی هەناو لەبەرقرمەی لەدایک بووی زەمین شادبووی
بەخوورپەهای کوڕەشێری سەرحەمرینە
هێلی بەبریسکەی ڕەنگ ئاوریشمی وانو دوکانو ئاراسە

وەرن تێکڕا
ئاوازی سروودی سنوور
لەسەرهێلی شەختەی دلمان بلێنەوە
دەنگ لەگەروی دەنگمانەوە
دەنگ لەناخی ناخمانەوە
دەنگ لەڕۆژی بونمانەوە
دەنگ لەشاخو دەنگ لەوەشتمان
دەنگ لەوەرزی چواروەرزینەی وەرزمانەوە
دەنگ لەدەنگی جەرگیجەرگمانەوە
دەنگ لەنەهری ئاسۆو ڕووباری خێرخواستی
خێر بۆمرۆی هەمووانەوە
دەنگ لەدەنگی دایکمانەوە
دەنگ لەدەنگی باوکمانەوە
دەنگ لەزەوی ،لەئاسمانو
لەسنووری سەرتاسەری کوردوستانی کوردمانەوە
تێکڕابلێین
سروودی ژین،ژینی ئێمە
وولاتی دوورلەخولەفای عەرەبەوە
وولاتی دوور لەدەلە توورک ئەتاگورگی تورکانەوە
وولاتی دوورلەعەجەمی قەرەجەوە
ئەمە سروودی وولاتەو
لەسەرپشتو جەرگو ڕۆحو دلوشانی یەکتروە
ئەیلێینەوە بەباوەڕی پڕلەیاسا

بەدژواری هەزاران جێ،تیغی زامو خەمی هەڵچووی بۆردومان
شەوی ئەنفال،ڕۆژی کاوول،زەوی وێران
پێنچهەزارو،پێنچهەزارو،پێنچهەزار....هەزار......هەزار.........هەزار،هەزارهەزار
کیمیاباران
بەرهەڵستین لەسەرسنووری کوردوستان
بۆتۆپینی ،تورکو عەرەبو فارسا..
• • •